# کوردی باشوور و رۆژهەڵات و کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ئەفشار ئەقدەسی: پێوەندیی ناهاوسەنگ لەگەڵ ئێران تەنیا بە زیان دەگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان

## حەمەی حاجی مەحموود: شۆڕشی ئیسلامی گۆڕانێکی گەورە بوو لە ناوچەکەدا

"بۆ کوردستان" تایبەت:
چەند لایەنی سیاسیی کوردی باشووری کوردستان، پێوەندییەکی توند و تۆڵیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە و بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا بەشدار دەبن. دوایین نموونەش، بەشداریی ئەوانە لە کۆڕیادی "22 رێبەندان" لە شاری سلێمانی. بەڵام بۆ دەبێ ئەم پێوەندییە، پێش لە دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی کوردی باشوور، لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە نەگرێ و ئێمە شاهیدی تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، لە لایەن ئەو حکوومەتەوە بین؟ لێرەدا "ئەفشار ئەقدەسی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەکانی ئورۆپای پارتی ئازادیی کوردستان ، ئاماژە بەم بابەتە و بەتایبەتی بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی "22 رێبەندان" لە شاری سلێمانیدا دەکا. هاوکات، "حەمەی حاجی مەحموود" روانگەی خۆی سەبارەت بە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، هەڵوێستی حکوومەتی ئێران لە بەرانبەر ماف و ئازادییەکانی کورد و خەباتی ئازادیخوازانەی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەخاتە روو.



ئەفشار ئەقدەسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستان، پێوایە کە،" پێوەندیی نێوان دەوڵەتان و لایەنە سیاسییەکان لە ئاستی جیهاندا، لە مێژە بە دیاردەیەکی ئاسایی دادەنرێ. هەر لەو سۆنگەیەشەوە، بەشداری لە بۆنەکانی یەکتر، لە نێوان ئەو لایەنانەدا کە پێوەندییان پێکەوە هەیە، بەشێکە لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان دەوڵەتان."

بەڵام ناوبراو، سەبارەت بە بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی "22 رێبەندان" لە شاری سلێمانی چەند تێبینییەکی هەیە و دەڵێ: " یەکەم: ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە تاران یان هەر شارێکی ئێران کۆڕیادێکی لەو جۆرەی رێکخستبایە، ئەوە زۆر ئاسایی دەبوو کە میوانانی دیپلۆماسیی دەوڵەتان و یەک لەوان هێزە کوردییەکانی داوەت بکردبایە و ئەوانیش بەشدار بایەن. بەڵام رێکخستنی ئەو رێوڕەسمە لە لایان ئێرانەوە لە شارێکی وەک سلیمانی، جۆرێک نمایشی دەسەڵات و نفووزی سیاسی دەگەینێ، کە ئەوەش بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی کورد نییە و نابێ رێگە بدرێ باشووری کوردستان، ببێتە شوێنی دژایەتیی ئێران لەگەڵ ئەمریکا. دووهەم: بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان خود هەرێمێک لە دەوڵەتێکی فیدراڵ، رێگەی رێکخستنی رێوڕەسمی ئەوتۆ بدا بەو دەوڵەت و هێزەی کە پێوەندیی لە گەڵدا هەیە، پێویستە هەر دوو دەوڵەت رەفتاریان پێکەوە لە چوارچێوەی یاساکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بێ، بەڵام ئێمە دەبینین کە کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا ئەو بۆنەیە لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەبا کە چەند حەوتوو بوو هێزەکانی ئەو دەوڵەتە بە تۆپی دوورهاوێژ، شار و شارۆچکە سنوورییەکانی باشووری کوردستانیان تۆپباران دەکرد ."

کاک ئەفشار، پێوایە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو فاکتەرە، "دەبوو رێگا بە کۆماری ئیسلامی نەدرێ لە لایەکەوە، ناوچەسنوورییەکان تۆپباران بکا و لە لایەکی دیکەشەوە رێوڕەسمێ بگرێ."

ناوبراو هەر لەم پێوەندییەدا خاڵێکیتریش بە جێگای باس دەزانێ و دەڵێ:" تا ئەو جێگایەی ئێمە بزانین، بەرێوەبەرانی ئەو رێوڕەسمە، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان بانگهێشت نەکردبوو. بۆ؟ لە بەر ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئامادە نییە تەعامول لە گەڵ کورد وەک خاوەن حکومەتێک بکا و تەنیا تەعامول لە گەڵ حیزبە سیاسییەکانی دەکا."

ئەفشار ئەقدەسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستان،

لەبارەی چۆنایەتیی پێوەندیی نێوان هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان و کۆماری ئیسلامی دەڵێ:" ئێمە خوازیاری ئەوە نیین لە نێوان حکوومەتی کوردستان و ئێراندا ئاڵۆزی هەبێ، بەڵکوو پێمانباشە کە ئەو دەوڵەتە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بناسێ و ئامادەی تەعامولکردن بێ لەگەڵیدا و پێوەندییەکی ئاسایی لە نێوانیاندا هەبێ. ئیمە ئەو چاوەڕوانی و داوایەمان نییە کە حکوومەتی کوردستان شەڕی ئێران بکا ، بەڵام هەر لەو کاتەشدا، پێمانوایە کە پێوەندیی ناهاوسەنگ لە گەڵ ئەو دەوڵەتە، تەنیا بە زیان دەگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان."

هەروەها، "حەمەی حاجی مەحموود"، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و یەک لەو کەسانەی کە لەشاری سلێمانیدا بەشداری رێوڕەسمی "22 رێبەندان" بووە، روانگەی خۆی سەبارەت بە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، هەڵوێستی ئێران لەبەرانبەر ماف و ئازادییەکانی کورد و خەباتی ئازادیخوازانەی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەخاتەروو.

"حەمەی حاجی مەحموود" وای دەبینێ کە "شۆڕشی ئیسلامی گۆڕانێکی گەورە بوو لە ناوچەکەدا و دوای ئەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەوە شتێکی دیکەی." ناوبراو سەبارەت بە ماف و ئازادییە نەتەوەییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ: "کورد لە ئێراندا زیاترە لە کوردستانی عێراق، بەڵام رێژەکەی بەرانبەر بە گەلانی دیکەی ئێران چەندەیە؟" مەبەستی ناوبراو ئەوەیە کە نابێ کوردی رۆژهەڵات، وەکوو باشووری کوردستان خاوەن ماف و ئازادیی نەتەوەیی بێ.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەرەڕای تێگەیشتنی هەڵە لە رێژەی کورد لە ئێران، ناوبراو خۆی سەبارەت بە هاوسەنگیی نێوان مافی نەتەوەیی و رێژەی ئینسانەکان، لە بەشێک لە لێدوانەکەیدا دەڵێ:" لە شوێنێک وەکوو "ئورۆپا، ئەگەر تەنانەت 20 تەلەبەی کورد یان تورک، لە گەڕەکێکدا بن، بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان بخوێنن و ئەوە مافی رەوای ئەو میللەتەیە."

لە درێژەدا، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، ئاماژە بە ناوەرۆکی کۆبوونەوەیەک دەکا کە چەند مانگ پێش ئێستا لەگەڵ ژمارەیەک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاران هەیانبووە و دەڵێ:" لە کۆبوونەوەکەدا کە حەوت لایەنی کوردی عێراقیی تێیدا بەشدار بوون، (هاشمیی رەفسەنجانی)، وتی: کوردی عێراق و ئێران، هەر دوولایان یەک نەتەوەن لەو دوو وڵاتەدا دەژین."

ناوبراو، دانی پێدادەنێ کە کۆماری ئیسلامی لە رووی سیاسیەوە کارێکی بۆ کوردی رۆژهەڵات ئەنجام نەداوە و دەڵێ:"راستە، بۆ کورد لە رووی سیاسییەوە شت نەکراوە." ئەوەش پێوەندیدار بە خەڵک و حیزبەکانیەوە دەزانێ و دەڵێ:" ئەوە عەلاقەی بە وەزعی حیزبە سیاسییەکان و هوشیاریی خەڵکەکە و کارکردیانەوە هەیە، تا چەندە بتوانن مافەکانیان بەدەست بێنن".

"حەمەی حاجی مەحموود،" سەبارەت بە خەباتی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێیوایە" کورد لە ئێراندا هەمیشە تووشی هەڵە بووە" و بۆ نموونە ئاماژەی بە" کاتی هاتنی (کۆمیتەی حوسننییەت،) بۆ باس لەسەر مادەیەکی 8 خاڵی لە گوندی (نەشکۆڵان)ی سەردەشت،" دەکا و دەڵێ:" کاتێ (داریووش فرووهەر) و (هاشم سەباخیان) و (بەرپرسی ژاندانمری) و... هتد، هاتنە ئەوێ، لە کۆبوونەوەکەدا، بێجگە لە من، شێخ ( عزەددین حسەینی)، کاک ( سەلاح موهتەدی) و بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) بەشداربووین؛ ئەوکاتە ئەوان (کۆماری ئیسلامی) ئامادەیی زۆر شتیان کرد، ئەوان وتیان هاتووین بۆ چارەسەری کێشەکە و با مامۆستا شێخ عزەددین بێت بۆ تاران، بەڵام کاک سەلاح موهتەدی وتی : ئەو جارە ئەو هاتووە بۆ تاران، با (خومەینی) بێت بۆ لای مامۆستا (شێخ عزەددین."

ناوبراو، ئەو بیرکردنەوەیەی بە هۆکاری ئەوە زانی کە "ئەو کاتە کورد نەیتوانی لەسەر میزی گفتگۆ لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا، بیباتەوە".

بۆ کوردستان تێدەکۆشێ لە داهاتوودا چەند بۆچوونێک لەسەر ئیدیعاکانی "حەمەی حاجی مەحموود" وەربگرێ.



